ئاسایبوونەوەی هاتوچۆی گەشتیاری و بازرگانی لە دەروازەی نێودەوڵەتی ئیبراهیم خەلیل

ئەمە سەشەمە ، بەهۆی دروستبوونی کێشەی تەکنیکی لە سیستەمی بەشی پاسپۆرت لە دەروازەی خابوور لە بەری تورکیا، هاتن و چوون لە دەروازەی نێودەوڵەتی ئیبراهیم خەلیل بە گەشتیاری و بازرگانی بەتەواوی داخرابوو، لە ئێستادا کێشکان چارەسەر دەبن و هاتوچۆش لە دەروازە نێودەوڵەتییەکە ئاسایی دەبێتەوە.

دەروازەی نێودەوڵەتی ئیبراهیم خەلیل لە راگەیەندراوەکدا بەاویکردەوە: لەلایەن بەرپرسانی دەروازەی خابوور لە بەری تورکیا ئاگادارکراوینەتەوە کە گرفتە تەکنیکییەکان بەرەو چارەسەربوون دەچن.

راشیگەیاند: ئێستا هەدی هەدی هاتن و چوونی گەشتیاری و بازرگانی لە دەروازەکە دەستی پێ کردەتەوە.

جەختیشی کردەوە کە ئەگەر هیچ کێشەیەکی دیکەی تەکنیکی دروست نەبێتەوە، لەچەند کاتژمێری داهاتوو هاتوچۆ لە دەروازەکە بە تەواوی ئاسایی دەبێتەوە.